ژمارە: ١٩٩ (٢٧٢٠) کوردی ڕێکەوت: ٢٠٢١/١/١٣

**بۆ/ وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی**

**ب/ مۆڵەتی بەخێوکەر**

نووسراوتان ژمارە (١٤٧٥٢) لە ٢٠٢٠/١٢/٢٠ سەبارەت بە ناوەڕۆکی نووسراوی سەرەوەتان لە ئێستادا بە هۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا هیچ جیاوازی لە نێوان ( مۆڵەتی دایکایەتی و درێژخایەن و مۆڵەتی بە خێوکەر ) نییە بە بێ داواکاری ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ ماوەی (٦) مانگ مۆڵەتەکەیان درێژ دەکرێتەوە تەنها ئەوانەی کە بۆ یەکەم جار داوای ئەو مۆڵەتە دەکەن دەبێت ڕاپۆرتی پزیشکی بهێنن.

لەگەڵ ڕێزدا.

**یاسین واحد اسماعیل**

**بەڕێوەبەری گشتی دیوان**

**٢٠٢١/١/١٣**

**وێنەیەک بۆ/**

- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون/لەگەڵ بەراییەکان.
- سیستەم لەگەڵ سەرەتاکان .

تیهان/فرهنگ

| دستـــتان - عيراق<br>ى ئەنجومەنى وەزيران<br>ى دارايى و ئابوورى<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری<br>ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون | Kurdistan Region – Iraq<br>Presidency Council of Ministers<br>Ministry of Finance & Economy<br>General Directorate of Accounting | اقليم كوردستـــان - العراق<br>رئاسـة مجلـس الوزراء<br>وزارة المالية والاقتصاد<br>مديرية المحاسبات العامة<br>م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة |
|---|---|---|

ژمارە: ٩ / ٤١ / ٤٠٦٢ رێکەوت: / / ٢٧٢٠ کوردی رێکەوت: ٢٢ / ٦ / ٢٠٢٠ زایینی

## گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٩ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

### ب/ مۆڵەتی بەخێوکەر

سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی مۆڵەتی چاودێری و بەخێوکەریان هەیە و ووچانەکانیان تەواو دەبێت درێژ کردنەوەی ووچانەکانیان بۆ بکەن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ و بەبێ داواکردنی راپۆرتی پزیشکی نوێ بە هۆی رەچاوکردنی رێنماییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و کەم کردنەوەی بەرکەوتن .. بۆ ئاگاداریتان و کاری کردنی ... لەگەڵ رێزدا .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری

### وێنەیەك بۆ/

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- دەستەی دەسپاکی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بەوەکالەت/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی راوێژکارانی لە دیوانی وەزارەتمان.. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ راگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ چاودێری و پشکنینی دارایی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتمان .. بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (او٢)ی سلێمانی/ دهۆك/گەرمیان/سۆران/ رابەرین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ/ ئامێدی / هەڵەبجە/ بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٦٠٠٦٨ - ٢٥٦٠٠٦٩ - ٢٥٢٨٢٥٤

٢٠٢٠/٦/١٧ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی دارایی و ئابووری<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری<br>ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون | Kurdistan Region – Iraq<br>Presidency Council of Ministers<br>Ministry of Finance & Economy<br>General Directorate of Accounting | اقليم كوردستان - العراق<br>رئاسة مجلس الوزراء<br>وزارة المالية والاقتصاد<br>مديرية المحاسبات العامة<br>م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة |

ژمارە: ١٩ / ٤ / ٢١,٢٨ ڕێکەوت: ٧ / ٢٧١٦ کوردی ڕێکەوت: ٢٦ / ٤ / ٢٠١٦زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٢ )

**بۆ/ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی / ب ـ گ ـ دیوان**

**ب/ کۆمەك و شایستەکانی کەمئەندامان و خاوەنی پێداویستی تایبەت و بەخێوکەر**

پاڵپشت بە ماددەی هەشتەم لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢) ی ساڵی /٢٠١١ و ئاماژە بە بڕیاری بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٥٧ لە ٢٠١٥/٢١ و بڕیاری بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /١٥١٥ لە ٢٠١٦/٤/٥ و پاڵپشت بە کۆنووسی لێژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزاریتان ژمارە /٢٧٠ لە ٢٠١٦/٢/٢٢ و نووسراوتان ژمارە/١٣٢٠ لە ٢٠١٦/٤/١٨ و بە مەبەستی ڕەچاوکردنی دادپەروەری و بەرگرتن لە بە فیڕۆدانی سامانی گشتی و زیاتر خزمەتکردن بە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت بڕیاردرا بە :-

یەکەم/ ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم ڕێنماییە ، پێویستە ناسنامە و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بن بەپێ ی فۆرمی خۆراك و کارتی زانیاری ، جگە لەوانەی دەکەونە سنووری مادەی (١٤٠) ی دەستووری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ ئەویش بە سەلماندن .

دووەم/ ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات ئاماژە بە نووسراوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ١٥٩ لە ٢٠١١/١٠/١٩ ، ٥٤٥ لە ٢٠١٢/٢/٢٢ ، ١٥٨٣ لە ٢٠١٢/٧/١ ، ١٨٠٣ لە ٢٠١٢/٧/٢٢ ) و نووسراوی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجەی ژمارە /٨٥٣٤ لە ٢٠١٢/١٢/١٧ ، سەرجەم مەرجەکانی ڕێنماییەکانی چاودێری خێزانیان لە سەر جێبەجێ دەکرێت جگە لە ناسنامەکانیان .

سێیەم/ شایستە داراییەکانی سوودمەندانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و بەخێوکەر خەرج دەکرێت بەپێ ی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ساڵانەی ئەو لێژنانەی لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستی سوودمەندانی پێکدەهێنرێت .



Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: ٢٥٦٠٠٦٨-٢٥٦٠٠٦٩-٢٥٢٨٢٥٤
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفون: ٢٥٦٠٠٦٨ - ٢٥٦٠٠٦٩ - ٢٥٢٨٢٥٤

**چوارەم/** ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم ڕێنماییە ، ئەگەر دەرکەوت مووچەیان لە بەڕێوەبەرایەتییە هاوشێوەکان لە حکومەتی فیدراڵ هەیە پێویستە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا ئاگاداری لایەنی پەیوەندار بکاتەوە لە هەبوونی مووچەی هاوشێوە لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە ، بە پێچەوانەوە مووچەکانیان لە حکومەتی هەرێم دەبڕدرێت و ئەوەیشی بە زیادە پێیان دراوە لێیان وەردەگیرێتەوە .

**پێنجەم /** ئەوانەی فەرمانبەرن و سوودمەندن لە کۆمەکی کەمئەندامی ، لە کاتی خانەنشین بوون تەنها مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێت ، جگە لەوانە بە تەمەنی یاسایی خۆیان خانەنشین دەبن .

**شەشەم /** ئەو سوومەندانەی بریکارنامەیان داوە بۆ وەرگرتنی مافەکانیان ، پێویستە (٣) مانگ جارێك ئامادەییان هەبێت بۆ وەرگرتنی شایستەکانیان ، جگە لەوانەی ئاستی پەککەوتەییان ڕێژەی (١٠٠%)ە و بە پێچەوانەوە بریکارنامەکانیان تەنها بۆ ماوەی (٣) مانگ کاری پێدەکرێت .

**حەفتەم /** منداڵانی توشبوو بە نەخۆشی شەکرە مانگانە بڕی (١٥٠) هەزار دیناریان پێدەدرێت ئەگەر هاتوو نەخۆشییەکەی لە جۆری دووەم بێت و بەپێ ی ڕاپۆرتی پزیشکی سەلمێندراو پێویستی بە ئەنسۆلین هەبێت .

**هەشتەم / مەرج و شایستەکانی بەخێوکەر :-**

١- ئەو کەسانەی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ چاودێریکردنی کەمئەندام یان پەککەوتە دەبێت ئەم مەرجانەیان تێدابێت :-

أ- توانای کارکردن و چاودێریکردنی تەواوی هەبێت .

ب- لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە کارا بێت .

ج- تەمەنی لە نێوان (١٨ بۆ ٦٣) ساڵ بێت .

د- پێویستە لە هەمان شوێنی جوگرافی کەمئەندام یان پەککەوتەکە بن بەپێ ی فۆرمی خۆراك و کارتی زانیاری .

٢- ئەوانەی خۆتەرخانکەرن و فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانن ، شایستەکانیان بەم جۆرە دەبێت :-

أ- مۆڵەتی بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکانی پێ دەدرێت و مافی سەر مووچە و پلە بەرزکردنەوەی هەیە بۆ چاودێریکردنی یەك کەمئەندام .

ب- ئەگەر بەخێوکەری دوو کەمئەندام بێت بە مەرجێك کەمئەندامەکان لە یەك خێزان بن ، سەرباری ئەوەی لە خاڵی (أ) ی سەرەوەدا هاتووە ، مووچەیەکیشی بۆ خەرج دەکرێت کە یەکسان بێت لەگەڵ کەمترین ڕادەی مووچەی فەرمانبەری هەرێم کە بڕی (١٤٠) سەد و چل هەزار دینارە .

ج- ئەگەر هەردوو کەمئەندامەکە کۆمەکی داراییان هەبوو ، تەنها ئەو مافانەی پێ دەدرێت کە لە خاڵی (أ) ی سەرەوە هاتووە .

د- لە کاتی پێدانی ئەم مۆڵەتە بە فەرمانبەران لە سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت پێویستە بە ڕەزامەندی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بێت و ساڵانە نوێ بکرێتەوە.

٣- نابێت هیچ کەسێك لە یەك کاتدا خۆی بۆ چاودێریکردنی زیاتر لە دوو کەمئەندام تەرخان بکات .

٤- پێویستە بەخێوکەر لە برگەکانی سەرەوە بەڵێنامەی دادی پێشکەش بکات کە مەرجەکانی بەخێوکەری تێدایە و هیچ کارێك ئەنجام نادات ، لە پێناو خۆتەرخانکردنی بۆ چاودێریکردنی کەمئەندامەکە .

٥- ڕێژەی پەککەوتن بۆ مەبەستی چاودێرکردن دەبێت (١٠٠%) بێت بەم مەرجانە :-

أ- کەمئەندامی جەستەیی پێویستە ڕێژەی پەککەوتنی (١٠٠%) بێت و لە لایەن لێژنەی پزیشکیەوە دیاری بکرێت و دەبێت لێژنە پزیشکیەکە بڕیاربدات کە پێویستی بە بەخێوکەر هەیە یان نا ، هەروەها لە ڕاپۆرتی پزیشکی ئاماژەی پێبدرێت .

ب- کەمئەندامی نابینا پێویستە چاوی ڕاستی و چەپی ڕێژەی پەککەوتەیی هەر یەکێکیان (١٠٠%) بێت .

٦- بۆ نەخۆشییەکانی (ئۆتیزم و مەنگۆل و بیرکۆڵ) دەبێت ڕێژەی پەککەوتنەکە (٨٠%) و زیاتر بێت و لە لایەن لێژنەی پزیشکیەوە دیاری کرابێت ، دەبێت لە ڕاپۆرتی ئەو لێژنەیە بنوسرێت کە پێویستی بە بەخێوکەر هەیە و ساڵانە نوێ بکرێتەوە .

٧- لە کاتی هەڵنەسانی بەخێوکەرێك بە کار و ئەرکەکانی خۆی یان نەبوونی مەرجەکانی بەخێوکەری ، مووچەکەی دەبڕدرێت و ئەگەر مووچە خۆری حکومەت بێت مۆڵەتەکەی هەڵدەوشێنرێتەوە و مووچەکانی ماوەی مۆڵەتەکەی لێوەردەگیرێتەوە ئەو ماوەیەی بە مۆڵەتی بێ مووچە بۆ هەژمار دەکرێت و سزا دەدرێت بە بڕێك کە لە (٥٠٠ ٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و نە بڕی (١ ٠٠٠ ٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت .

٨- كەسی خۆتەرخانکەر ئەوانەی فەرمانبەرن و مۆڵەتیان بۆ چاودێریکردنی کەمئەندام وەرگرتووە ، لە کاتی کۆچی دوایی کردنی ئەو کەمئەندامەی چاودێری دەکات ، پێویستە لە ماوەی یەك هەفتە بگەڕێتەوە سەر کارەکەیی و مۆڵەتەکەی هەڵبوەشێنێتەوە .

**نۆیەم /** کار بە هیچ بڕیار و ڕێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت .

**دەیەم /** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ڕابەر صدیق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/س - دیوان/ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نە بەستراو بە وەزارەت جگە لە وەزارەتی ناوبراو .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / ب ـ میلاکات / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتمان / بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (١و٢)ی سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/ سۆران/ ڕاپەڕین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو



Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: ٢٥٦٠٠٦٨-٢٥٦٠٠٦٩-٢٥٢٨٢٥٤

٢٠١٦/٤/٢٤ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

Kurdistan Region - Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

ژمارە: ٩ / ١٢ / ٥٦٦٦ ڕێکەوت/ ١٠ / ٢٧١٤ کوردی ڕێکەوت/ ١ / ٦ / ٢٠١٤

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٢ )

## بۆ / وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی / ب . گ . کارگێری و دارایی

ب/ بەخێوکەر

ئاماژە بە کۆنووسی هاوپێچی نووسراوتان ژمارە / ٢٣٥٥ لە ٢٠١٤/٥/٢٨ و دوا بە دوای خاڵی (شەشەم) لە ڕێنماییمان ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠١٣/ کە تایبەتە بە زیاتر خزمەت کردنی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ئەم ڕوونکردنەوەتان ئاڕاستە دەکەین بە مەبەستی پەیرەوکردنی : -

١- هەر کەم ئەندامیك ڕێژەی پەککەوتنی (١٠٠٪) بێت مەرج نیە بێویستی بە بەخێوکەر هەبێت .

٢- ئەم حاڵەتانەی خوارەوە مافی بەخێوکەریان هەیە : -

أ- کەم ئەندامی جەستەیی پێویستە ڕێژەی پەککەوتنی (١٠٠٪) بێت بە مەرجێك لێژنەی پزیشکی تایبەتمەند بڕیاری لە سەر دابێت .

ب- کەم ئەندامی نابینا پێویستە چاوی ڕاستی و چاوی چەپی ڕێژەی پەککەوتنی هەریەکەیان (١٠٠٪) بێت .

ج- هەندێك حاڵەتی زۆر تایبەت بە کەم ئەندامی جەستەیی یان دەروونی کە لێژنەی پزیشکی تایبەت بڕیاری لە سەر درابێت و ڕێژەی پەککەوتنی (١٠٠٪) بێت .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068 - 2560069 - 2528254
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٦٠٠٦٨ - ٢٥٦٠٠٦٩ - ٢٥٢٨٢٥٤

٢٠١٤/٦/٢٣ سهام

٣ - پێویستە لێژنەیەکی باڵا لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەبێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی و بە ئەندامیەتی بەرپرسی یاسایی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و پزیشکیکی پسپۆر بە گوێرەی بواری کەم ئەندامی بۆ داواکاری خاڵی (٢) لقی (ج)ی سەرەوە .

بۆ ئاگاداریتان و کار پێ ی کردنی ... لە گەڵ ڕێزدا .

ڕێباز محەمەد حملان
وەزیری دارایی و ئابووری

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ ف - ك - کارگێری و دارایی /بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت/ بۆ ئاگاداریتان و هەمان مەبەستی سەرەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / میلاکات / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە..بۆ گشتاندنی و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر ١و٢ / دهۆك /( ١و٢و٣) ی سلێمانی /ئاکرێ / سۆران / زاخۆ / کۆیە / گەرمیان / ئامێدی / ڕاپەرین / چەمچەماڵ /بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە.
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .